# بێسارانی(١) و
# گوزارەی شیعر بۆ شیعر

عادڵ محەمەدپوور
(مەریوان)

**های ڕەحمەت ئەو قەبر «سەودایی کامڵ»**
**سەرمەشق مەینەت بێساران مەنزڵ**
**«بێسارانی»یەن نە تۆی فەرد من**
**خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن**
**نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا**
**چەنی «بەستەی فەرد» بێساران ماوا...**

..............................

ڕەوتی شیعری کلاسیکی هورامی، دارسێوێکی شەنگە کە لە (هورمزگان)ەوە(٢) گۆپکەی کردووە و لە پارسەکاندا دەنیشێتە چڵ و پۆ و لە (بێسارانی)دا دەبێتە باخچە و لە (سەیدی)دا ڕەنگاڵە دەکرێ و لە (مەولەوی)دا دەگاتە سەمەر و پاش مەولەوی بەردەوام دەبێ و هەنووکەش لە بەخشین و داهێنانی شیعر و ئەشق و ئەویندایە. لەم پرۆسەدا سەرجەم میکانیزمەکانی بریتی بوون لە دیدێکی غینایی و چەپکێ نۆرم و ڕێسای ئەدەبی (کێش دەبڕگەیی، دیمەن و فۆرم جووت قافیەیی، ناوەرۆکگەلێک تا ڕادەیەک نزیک بە یەک) و نەفەسێکی بەردەوام و لە یەکچوو و...

لەم جووڵە بەردەوامەدا، بێسارانی دەبێتە قۆناغی سێیەم لە سەدەی حەڤدەی زایینی و یازدە و دوازدەی کۆچی مانگی و هۆکاری گیرسانەوە و هەمیش پەرەپێدەری ئەم ڕەوتە شیعرە، بە هۆی هەندێ تایبەتمەندییەوە کە ئەم شاعیرە هەیبووە، دەبێت وەک شاعیرێکی جیاواز و تازەکەرەوەی پۆلێک ڕێسای ئەدەبی ئەو دەمە، حسێبی شێوازناسانەی ئەدەبی بۆ بکەین کە وێناکەی کاریگەری زمانی، هزری و ئەدەبییە کە لەسەر کۆمەڵێک شاعیری دەستەبژێر وەک مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، پیرەمێرد، گۆران و پاش مەولەوییەکان،



**بێسارانی**

داینا وه.

ئه‌رکی سه‌ره‌کی شیکاری ئه‌ده‌بی ئه‌وه‌یه که سه‌ره‌تا ئه‌م پرسه سه‌ره‌کییه بورووژێنێ که هۆکاری چی بووگه که چه‌ندان سه‌ده له ژیانی ئه‌ده‌بی ئه‌م شاعیره تێده‌په‌ڕێ، به‌ڵام وه‌ک شاعیرێکی هێژموٚنیکار و خاوه‌ن شێواز ده‌ژمێردرێت؟ دیاره به‌دواچوونی ئه‌م پرسه‌ش پێویستی به شیکاری و به‌راوردکاری ئه‌ده‌بی و نیشانه‌ناسانه‌ی (Symiology) ڕوون و تایبه‌ت هه‌یه که ده‌قه‌کانی به کرده‌یی هه‌ڵاوێرد و شیته‌ڵکاری بکرێن تا خاڵه‌جیاواز و شازه‌کانی ئه‌م شاعیره خۆیان بنوێنن.

من پێموایه له دنیای داهێنانی شاعیرانی ده‌سته‌بژێردا، هه‌ر شاعیرێک بیرۆکه‌یه‌کی وه‌ک به‌رجه‌سته‌یی ئه‌ده‌بی، زمانی و بیری هه‌بووه و هه‌یه که ده‌بێته دابینکه‌ری ڕه‌مزی مانه‌وه و فه‌لسه‌فه‌ی ده‌قه‌که‌ی و گه‌یشتن به شێوازی تاکی، زۆر ده‌قیشمان هه‌بووه، یان هه‌یه، به هۆی قوتاربوون و پاڵپشتی نه‌کردنی بیرۆکه‌یه‌کی، پێش له مه‌رگی دانه‌ره‌که‌یدا مردوون، یان ده‌مرن.

مه‌ولانای ڕۆمی:

**نردبان اسمان است این کلام**
**هر که از ان بر رود اید به بام(٣)**

ده‌ڵێت من له شیعر و غه‌زه‌لدا گه‌یشتووم به ئه‌وپه‌ڕی داهێنان، ئه‌و که‌سه‌ی ده‌توانێت وته‌کانی من تێبگات که پله پله ئه‌م پرۆسه‌یه تێپه‌ڕێنێ، ئه‌وجا ده‌گاته سه‌رمه‌نزڵی مه‌خسه‌دی من... له گۆشه‌نیگای منه‌وه ئه‌م به‌یته، فه‌لسه‌فه‌ی هه‌بوونی مه‌ولانا و ڕێچکه‌ی هزری و عیرفانی پێکده‌هێنێ که به قه‌ولێک حه‌وت شاری عه‌شقه و به قه‌ولی خۆیشی ئه‌م سێ ڕه‌هه‌نده‌یه که دنیاوینی مه‌سنه‌وی مه‌عنه‌وی ده‌خوڵقێنن:

**حاصل عمرم سه سخن بیش نیست**
**خام بدم، پخته شدم، سوختم**

حافز:

**کرده ام توبه به دست صنم باده فروش**
**که دگر می نخورم بی رخ بزم ارایی(٤)**

وێنه‌ی تۆبه کردن له سه‌ر ده‌ستی "سه‌نه‌مه‌ی باده فرۆش که ئیتر بێ حوزوری ئه‌و، مه‌عشوق مه‌ی نه‌خواته‌وه، جێگای سه‌رنجه". ئه‌مه یانی بناغه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی حافز و چوونه نێو دنیای ئایرۆنی و ته‌نز و بیرۆکه‌ی مه‌لامه‌تگه‌ری و ڕه‌خنه و ڕه‌خنه‌وانی کۆمه‌ڵگه‌یه که ده‌بێته نمانای شێوازی تایبه‌تی حافز...

نالی شاره‌زووی:

**فارس و کورد و عه‌ره‌ب هه‌ر سێم به ده‌فته‌ر گرتووه**
**نالی ئه‌مڕۆ حاکمی سێ موڵکه دیوانی هه‌یه...**

شیعرێکی فه‌خرئامێزه و بناغه‌ی بیرۆکه‌ی ئه‌ده‌بی-کۆمه‌ڵایه‌تی حه‌زره‌تی (نالی)یه. به زمانی ئیهام و توانج ئاماژه به نموودی هه‌راو کردنی ده‌سه‌ڵاتی جوغرافیایی زمانه‌که‌ی خۆی ده‌دات و به هێژمۆنیکردنی دیالێکتی کوردی سۆرانی و... ده‌ڵێ ئه‌مڕۆ دیوانی حوکمڕانیم هه‌یه و حوکمی ئه‌م سێ وڵاته‌ی لێوه ده‌که‌م، ئه‌م بیرۆکه‌یه دوایی ده‌بێته میکانیزمێک بۆ به‌دی هاتنی ئه‌و ئامانجه سیاسییه‌ی که له ئه‌ده‌به‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتووه.

مه‌وله‌وی تاوه‌گۆزی:

**هه‌رکه‌س ته‌وه‌ڵۆد دووباره‌ش نیه‌ن**
**ئه‌ڵبه‌ت سعاده‌ت ستاره‌ش نیه‌ن...**

هێمای خوڵقاندنی دنیایه‌کی تازه و داهێنانێکی تر و به‌رده‌وامی پرۆسه‌ی شیعر و هزر و ده‌لاله‌تی شیعر و

عەشق و واتا.

سەیدی هورامی و بەردەوامی زایەڵەی عەشق:

**ئەر ژیرنی شێتە، بگنە نە ڕای عەشق**

**با بەیۆ ناڵە و دەنگ و سەدای عەشق...(٥)**

جەخت لەسەر عەشقێکی غینایی و پەلوپۆدار، دەرکردنی نازناوی بە ڕەندی هورامان و بە دەست هێنانی فەلسەفەی شیعر و شێوازی تاکی خۆی و ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردە لە دیوانەکەیدا.

## بێسارانی و بنیادی هەندەسەیەک بۆ گوزارەی شیعر بۆ شیعر

پرسی سەرەکی ئەوەیە پاش ئەو هەموو ساڵانە، بۆ بێسارانی نەمردووە و زیندووە و وەک شاعیرێکی خاوەن شێواز و دیسپلینی ئەدەبی ناوی لێ دەبرێت؟ دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە (بێسارانی)ش لەم یاسا شێوازناسانەیە بەری نییە، بیرۆکەیەکی هونەری- ئەدەبی هەبووە کە باس لە مانەوەی ئەم شاعیرە و شیعرەکانی بکات، لە ڕوانگەی منەوە ئەم بەیتەی خوارەوە بووگە بە مانیفێستێک بۆ هەوێنی فەلسەفە و ئەندازیاریی بینای شیعرەکانی و زیندوویەتی دانەر:

**سەرم داخ کەردەن یە کام خیاڵەن**

**سپی سەنگێ دیم واتم یە لاڵەن...**

### لەم بەیتەدا

لە سووچە نیگای منەوە درکەی "سەرم داخکەردەن" دەسپێکی خورپەی شاعیرانەیە، "خیاڵ" ئامرازێکە بۆ دنیای داهێنان و وێنەسازی هونەری(Image)، بەراوردی سپی سەنگ و لاڵ، یان لەعل، نیشانەی زاڵ بوونی ناخۆئاگای شاعیرە(لاشعور) بە سەر دنیای خۆئاگادا.

ئەم دەسپێکە هونەرییە لە ڕوانگەی (بێسارانی)یەوە، دەتوانێ ئانالیزێک بێت بۆ فۆرمێکی جیاواز لە دەقێکی سیمبۆلیکی و پێچەلپێچ و ناهونەری و لە هەمان کاتدا هەڵگری ساکاری، نەرمی و ڕەوانی لە زمان و واتادا، ئەم بەیتە ئاماژەیە بە ئەزموونێکی بە هێز کە ڕۆ دەچێتە نێو توەکانی زمان و لە وشەی ئاسایی، فرە مانایی و فرە دەنگی وێنەی بزۆز و دینامێکی دەخوڵقێنێ(سهل ممتنع).

لەم بەستێنەوە و لەم هزرە هونەری و ئەبستراکییەوە، زۆربەی دەقەکانی بێسارانی دەچنە نێو ئەم فەزا سلۆک و نائاساییەوە. خەیاڵ و واقیع، لەم پرۆسەیەدا دەبێتە هۆکاری گوزارەی شیعر بۆ شیعر و جیاکردنەوەی هەم لە هۆنراوە و هەم لە هۆنیارانی بۆنە بێژی ناشاعیر، لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی شیعری ستایشی و مەدحیەش بۆ دەسەڵاتچیانی ئەو دەمە، لە ئاخێزگەی بۆتیقایی ئەم شاعیرەدا حزووری نەبووە، ئەم دابە ئەدەبییەی (بێسارانی)یە کە وێنای دیاردەی جەوهەری شیعرن وەک نەریت و سەرچەشنی ئەدەبی کاریگەری لەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی دەبەخشێت و جێگیر دەبێ و دوایی وەک خاڵی بەرجەستەی ئەدەبی و وێنای کاریگەری ئەم شاعیرە دەگاتە شاعیرانی پاش خۆی.

یان:

**(خیاڵ) چوون نەشتەر دڵ مەکاونۆ**

**دڵ جە دیدەم، سەیل زۆخ مەتاونۆ**

نموونەی تر:

**ئیمشەو خار یاد زەمانەی وێساڵ**

**بەردم بە ڕێدا بە دەست خەیاڵ**

**تا بە دەست نێش خار خیاڵ بێ**

**نە دەوران کۆی ستەم تێژباڵ بێ...(٦)**

**...........................**

**ئێشەو ئایرێ گڕ بەست نە دەروون**

**بڵێسەش یاوا وە سەقف گەردوون**

**جە گڕەی ئایر، جە بڵێسەی نار**

**ستێزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار...**

دەروون و گەردوون، نار و هاوار، قورسایی بازنەی داهێنانەکەن، ئاورێک ئەوەندە بەرزە بە درێژایی دەروون تا گەردوون، نار و هاواریش هەروەها، خاڵی بەرچاو ئەوەیە لەم هێشووە وشانەدا لە فۆنێمی دەنگداری درێژی (ww) و (AA)، کەڵکی وەرگرتووە کە نیشانەی کاریگەری و دووپات بوونەوەی کارەساتی ئێش و ئازار و کاریگەرییەکانیەتی بە سەر ڕوح و هەناوی شاعیردا.

یان بەرانبەریی و بەکارهێنانی دوو وشەی (ئایر)ی هورامی و (نار)ی عەرەبی کە ئەمەش پەیامێکی نیشانەیی و هێماخوازە وێرای ئاواتەوەری ڕەگەزەکان و فرانەیی بەکارهێنانی زمان، جەختێکە لەسەر دووچەندانی کسپەکانی ناخەکی شاعیر و جەخت لەسەر

خولّقاندنی شیعر.

لەم ڕوانگەیەوە و بە پێی کـاریگەری ئەم پێـوەرە هونەرییانەی بێسارانی دەستەیەک لە شاعیرانی هورامی وەک ئەحمەدبەگی کۆماسی و سەیدی هورامی، تەنانەت مەولەوی و...تاد، دەقەکانیان دەبنە گوزارەی شیعر بۆ شیعر، بەم بۆنەیەوە دەتوانین ئەو سیستمە نیشانەیی و زمانیانە کە لە شیعرەکانیاندا هەن بە پێوەری جەوهەری شیعر و پێکهاتەی هونەری بیانخوێنینەوە، ئەمە جیاوازە لەو شاعیرانەی کە شیعریان وەک کەرەستەیەک داناوە بۆ خیـتـابە بێـژی و باری ئایدیالۆژیکی و مـەبەستـێکی دیاریکراو.

## بێسارانی و فۆرمی هونەری

یەکـێک لەو ڕێ هەرمـانانە کـە من داکـۆکی لەسـەر دەکەم، لێکدانەوەی فـۆرمی هونەرییە لە ناهونەری، یان دیاری کـردنی سنووری شیـعـرە لە ناشیـعـر، بۆ ئەم مـەبەستـەش دەبێ بزانین فـۆرمی هونەری چییـە و نیـشـانەکـانی چین؟ بەم ڕێکارە نەک تەنیـا دەتوانین سنووری قـالّب و فـۆرم و تەشک(پێکهـاتە) جـیـا بکەینەوە، بەڵکو نەخشەڕێیش بۆ دیاردەی تازەگەری و تازەکردنەوەی شیعر هەموار دەکرێت.

دیارە هەمـوو دیاردەیەک فـۆرمی هەیە، بەڵام ئەوەی فۆرمی هونەری لە فۆرمی ئاسایی جیا دەکاتەوە و دەبێتە هەوێنی شیـعـر، ئاشنایی سڕینەوەیە لە زمـان و لە واتا، یان بە لەونێکی زمـانەوانیـانە، چەپکێک نیـشـانەی زمـانییـە کە هەرکـام پێکهـاتەیەکی بچووک و ئەندامی دروست دەکــــەن و یەک لـەدوای یەک دەچنە نێـــو پێکهـاتەیەکی هەراوترەوە و بە واتەی شـێـوازناسـانی دیمەنخواز، دەبێتە پێکهاتەی پێکهاتە. بەم جۆرە مانای دەلالی و ئەوپەڕی لەم دانووسانەدا، دەخولّقێ و سیـمای هونەری بە خۆیەوە دەگرێ، ئەم زەنجیـرە پێوەندییانە لە زمانەوانی شیعردا بە نیزام، یان ئۆرگانیزاسیۆن، یان ڕیتم و هارمۆنیا، نێودێر کراوە کە لەگەڵ نەزم و هۆنراوە و دیاردەی ناشیعردا، جیاوازی پەیدا دەکات.

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە فۆرمێک کـامڵ و هونەرییە کە هەڵگری چەپکێک "نیزامی نیشـانەیی" بن کـە ئەگـەر بە وردی ڕەمـزناسی و ڕەمـزگـەردانی بکرێن، دەتوانن هـەڵگری پێـــوەندییـــەکی ئەندامی بن بۆ جیاکردنەوەی شیعر و ناشیعر:

**دیم جەمی گولاّ، دیم جەمی گولاّ**
**بە قەتارەوە دیم جەمی گولاّ**
**دەروون پەڕ جە سەدەف چوون بۆتەی تەلاّ**
**زڵف سۆسەن تاتا بە شەونم جەلا**
**تەڵێ سەدەفین جە سەدەفخانە**
**بەرز بیەن چوون لوول چۆقەی شاهانە**
**قامت باریک سیای تۆرک تەڕ**
**شەیدا و سەروەڵا چوون عەوداڵ بەڕ**
**هەر یەند باد لێشان مەکەرۆ گوزار**
**خووناو جە سەدەف مەتکیۆ وار**
**دایم سەروەشان شەیدا و مەستەنی**
**قاشوونی سیفەت دەست بە دەستەنی(٧)**

## بێسارانی و شیعر و عەشق

نۆستالۆژی عـەشق وەک تینەتێکی پاک و بێگەرد هەر لە منداڵـیــــەوە لە زەین و زوانی (بێـــســـارانی)دا دیاردەیەکی ڕسکاو بووە، ئەمەش لە سیرەت و سوورەتی شیعرەکانیدا دەبینرێت:

**ئاخ پەی (منالّی)، ئاخ پەی (منالّی)**
**ئاخ وا دەرێخا پەرێ (منالّی)**
**گۆشەی خاترم جە خەم بێ (خالّی)**
**لاقەید بێم جە تان جە وەشی (تالّی)**
**هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران**
**مەشیم وەباوەش نازک نازاران**
**نازاران جەمین لێم غەپۆشان**
**مەکەردم سەیران زڵف وەش بۆشان**
**ئیسە جە شومی زەمانەی باتڵ**
**نازاران یەی یەک لێم مەکەران سڵ(٨)**

لەم پرۆسەیەدا شیعر و عەشق و شاعیر لێک ئالاّون، ئەمەش وای کردووە کە لە نێوان شاعیر و دنیای واقیعدا بەربەست و هیچ پەردەیەک بۆ داهێنانی هونەری و زمانی خوازەیی نەمێنێ و شاعیر ئازادانە بە زمـانێکی سادە و ڕەها و پەتییــــەوە پێــوەندی بگرێت و خـۆی لەگــەڵ شاعـیرێکی دەسەڵاتخوازی زمـانی و تۆتالیـتـەسالار جیابکاتەوە، بەم جۆرە بێسارانی ساکاربێژی عاشق، بە قــووڵ بوونەوە بۆ هەناوی واتا و دەلالەتی شــیــعــر شێـوازەکـەی جێگر دەکـات و وەک نۆرمـێکی ئەدەبی

دەیگوێزێتەوە بۆ سەیدییەکان و مەولەوییەکان و پاش مەولەوییەکان، تەنانەت غەزەل بێژەکانی هەنووکەی هورامان...و ئاڵقەی گرێدانی هەمووشیان بیێتە تێڕوانینێکی غینایی و حەزانەشیعرێکی زاڵ کە سێبەری هەمیشە بە سەر شیعری هورامیدا بمێنێتەوە.

**چوون بێسارانی هەرکەس بێ دڵ بۆ**
**چوون باخچەی بێ ئاو دایم بێ گوڵ بۆ...**

..........................

یان:

**چراغ جەی دنیا، چراغ جەی دنیا**
**ئەوەند ئاواتم، مەندەن جەی دنیا**
**وەرتەر جە مەردەیم، بە دیدەم بدیا**
**لەب وە بانی لەب لاڵی تۆم بنیا**
**هەردوو بنیامان سەر وە یەک سەرین**
**کەردامان رازی و یەردەی وەرین**
**بۆ بنیام نە بۆی زوڵف مشکینت**
**بکەردام تەواف، کەعبەی جەمینت**
**بدیام دەستی تۆم شیەن نە گەردەن**
**دەرسات مەواستم، ئاوات وە مەردەن**
**باڵای وێم پەخشان باڵات بکەردام**
**حەسرەت نمەبێ ئەگەر بمەردام** (ل:١٤٨، دیوانی بێسارانی)

### بێسارانی و هەستامێزی ڕەنگەکان

یەکێک لە نیشانەکانی شێوازی ئەدەبی بێسارانی، کە دەبێتە نموونەی بەرجەستەتری زمانی عاشقانەی بێسارانی، کەڵک وەرگرتن لە وێنەی هەستئامێزی ڕەنگەکانە کە بە شێوەی میتافۆر و مەجاز و خوازە و درکەی ئەدەبی نوێنراوە کە ئەم خەسڵەتە هونەرییەش دەتوانێ بێسارانی لە شاعیرانی تر جیابکاتەوە:

سیامار، قەترانی شەوڕەنگ، زوخاڵ، سیای دوودی تەم، سیاتە، دەروون سفتە، دەروون زوخاڵ، سیاپۆش، بڵێسەی پڕ دوود، زوڵف دێز، زوڵف مشکین، مشکین خاڵ، کلافەی مشکین، مشکین سایە، زوڵف حەبەش و...

**«قەترانی شەوڕەنگ» وەردەی سەر کوڵف**
**ستەم زەدەی دەست ناخوون کەندەی توڵف»**

: هوون و ترکیبات هوون، لاڵ، یاقوت، هووناو، هوونان، هوونین، هوونین جەرگ، هوونی چەم، مۆژەی هوون ڕێژ و ...(٩)

**پەراوێزەکان:**

**١- (١٦٤٠-١٧٠٢ ز)**

**٢- هورمزگان؛ یەکەمین دەقە شیعرێکی دە برگەیی و هەشت لنگەییە. بە وتەی م. تەقی بەهار(ملک الشعرای بهار) و چەند زانای تر، ئەم دەقە لە دەیەکانی یەکەمی کۆچی مانگی، دۆزراوەتەوە و تەشکی مەسنەوییە و بووە بە بناغەیەک نەک تەنیا بۆ شیعری هورامی؛ بەڵکو دەسپێکێک بۆ مێژووی شیعری کوردی:**

**هورمزگان رمان، ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە، گەورە گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور**
**گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور**
**شەن و کەنیکان وە دیل بەشینا**
**مێرد ئازا تلیی وە رووی هوونینا**
**ڕەوشت زەردەشترە، مانۆ وە بێ کەس**
**بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس**

**٣- شفیعی کدکنی،، زبان شعر در نثر صوفیه، ص١٠٢.**

**٤- شیرازی حافظ، دیوان غزلیات ص٦٧٠.**

**٥- کاردۆخی محەمەد ئەمین، دیوان سەیدی، ل٢٠١.**

**٦- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل٩١.**

**٧- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل ٥٣٤-٢٣٤.**

**٨- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل٤٩.**

**ژێدەر و سەرچاوە:**

**١- شفیعی کدکنی،، زبان شعر در نثر صوفیه، ص١٠٢.**
**٢- شیرازی حافظ، دیوان غزلیات ص٦٧٠.**
**٣- کاردۆخی محەمەد ئەمین، دیوان سەیدی، ل٢٠١.**
**٤- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل٩١.**
**٥- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل ٥٣٤-٢٣٤.**
**٦- بێسارانی، دیوان، حەبیبی، ل٤٩.**
**٧- محمدپور، سرود خزان/ ٨٣.**